# ئەبستڕاکت ئاڕت چییە؟

چەند وانەیەک بۆ فێرخوازانی هونەر

**حەمە هاشم**



## بەشی یەکەم

کاتێ پاشگری ئارت بۆ چەمکی ئەبستراکتabstract دادەنێین، واتا باسی تەنها ئەو ئەبستراکتە دەکەین کە لە هونەردا هەیە و بەتایبەتیش هونەری شێوەکاری، چونکە ئەبستراکت وەك ڕێباز و قوتابخانەی هونەری لە زۆرێك لە ژانرەکانی ئەدەبی و تەنانەت سیاسەت و ئابووریشدا وەك چەمك بەکاردێت.

وشەی ئەبستراکت کە بە ئینگلیزییەکەی دەنووسرێت، لە کوردیدا هیچ وشەیەکی تەواو گونجاومان بۆی نییە، ماناکەی واتا داماڵراو، یان سادەکراوە، یان وەرگرتنەوەی مانای جیاجیا لە شتێك... هتد. بەڵام لە عەرەبیدا وشەی (التجرید) بەکارهاتووە و (التجریدیە) بۆ ڕەوتە هونەرییەکە جێگیرکراوە، کە ڕەگی وشەکەیان لە (مجرد) وەرگرتووە بە مانای (تەنیا).

بنەمای هونەری ئەبستراکت بریتییە لە سادەکردنەوەی شێوە و ڕەنگ و دارشتنەوەیان لە کایەیەکی هونەری ڕەهادا، کە هێزێکی مەعنەوی دەدات لە بینیندا، بێگومان ئەمەش لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئاستی ئیستاتیکی هونەرمەند و بینەری کارەکە پۆلێن دەکرێت.

ئەم جۆرە هونەرە وا دادەنرێت زۆر دوورە لە واقیعییەوە و لەو شێوە بێزراوە مەئلوفانەی کە مرۆڤ ڕۆژانە بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵیاندا، چونکە لەمیانی داماڵینی شێوەکان و گۆڕینیان بۆ فۆڕمی تازە و بنیاتنانی کوتلە و ڕەنگی دیکە بۆ کاری هونەری بەهای واقیعییانەی خۆیان لەدەست دەدەن و تەنیا شێوەیەك دەمێنێتەوە کە چاو یەکەمین جارییەتی ببینێت.

هونەرمەند لە پانتایی کارکردنیدا خۆی دووردەخاتەوە لە بابەتگەرایی و نواندن و دەربڕینی تەفسیرکراو، چونکە ئازادی لە کارکردندا ئەو سنوورە زەینییانەی بۆ لادەبات و تەنها ممارەسە و ئەزموونەکانی خۆی دەتوانێ بارستەی هاوسەنگ نیشان بدات لە فۆرمەکەدا، ئەمەش بێگومان بە پەیڕەوکردنی هاوسەنگی ئیستاتیکی کە لە نێوان ڕەنگ و هێڵ و بۆشاییدا دەخولقێت.

هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەر پێمان وابێت هونەری ئەبستراکت پێویستی بە توانا و بەهرەی تۆکمە و توند و تۆڵی ئاست بەرزی هونەری نەبێت، هەروەك چۆن هەندێك بۆ خۆدزینەوەیان لە شاردنەوەی ناکامڵی تواناکانیان پەنای بۆ دەبەن، بەڵام بێگومان کرچ و کاڵی تەکنیك و هاوسەنگی و دەربڕینە ئیستاتیکییەکان پێگەی کاری هونەری دەردەخەن و بێئاگاییە ئەگەر پێمان وابێت ئەبستراکت پێویستی بەو هێزە هونەرییە نییە کە هونەرمەند هەیەتی.

لە پانتایی هونەری هاوچەرخ و تازەدا ئەبستراکت زۆرترین بەها هەڵدەگرێت بۆ درێژکردنەوەی ئەو پێگانەی کە لەدوای قۆناغە گرنگەکانی ئیمپرێشینیزم ڕوویانداوە، هەروەها لەدوای دادایی و سوریالیزمیش هێندەی تر تۆخبوونەوەی ڕەهەندەکانی ئەم هونەرە هەست پێدەکرێت.

مێژووی ئەم هونەرە وەك ڕواڵەت زۆر کۆنە چونکە دەتوانین هەموو ئەو نەخش و زەخرەفانەی سەر لەگەن و دەفرە قورینەییەکانی کۆتاییەکانی چاخی بەردینیش ئاماژە پێبدەین، بەڵام وەك چەمکی هونەری ڕێکخراو مێژووەکەی بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە هونەرمەند کاندنیسکی سەرنجی دەکەوێتە سەر کراسێکی گوڵ گوڵی ڕەنگاوڕەنگی کچێك کە با لێیدەدات و شەپۆلێکی ڕەنگی ناوازە دروست دەکات، هەر لەو ڕوانینەشەوە کاندنیسکی باوەڕ بە جوانی بێ دەربڕین دەهێنێت و تابلۆکانی دروست دەکات، کە مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە بە دیاریکراوی ساڵی ١٩١١.



## تایبەتمەندییەکانی هونەری ئەبستراکت

وا دەبینرێت هونەری ئەبستراکت  کۆمەڵێ تایبەتمەندی و ڕواڵەتی جیاجیا لەخۆی دەگرێت کە گرنگە کەسی هونەرمەند بزانێت، لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە بریتین لە:

### دەستنیشانکردنی دیاردەی دەروونی

ئەم تایبەتمەندییە نەگەڕانەوەیە بۆ شێوەی بینراو کە چاو پێی ڕاهاتبێت و گەڕانەوەیە بۆ ئەو لێککەوتە دەروونیی و هەستەوەرانەی کە لە قووڵاییەکانی مرۆڤەوە بە ڕەهایی سەرهەڵدەدەن، سەرباری خستنەسەر و تەوزیفکردنی ئەوکەش و واقیعەی کە هونەرمەند تێیدا گوزەر دەکات، بۆ ئەوەی بگەینە فۆرمێکی تاڕادەی بەریەککەوتنی چەمکگەرایی یان خستنەڕووی فۆڕمی مەدرووس بۆ پانتایی بینراو، واتە کاردانەوەی هەستەوەری ودەروونی یەکانگیر دەبێ لەگەڵ کەشی ژیان و دەورووبەر و واقیع و هەموویان لە بۆتەی مانایەکی ئەبستراکتیفدا ئیستاتیکایەك دەخولقێنن کە چاو شادومانی پێدەگات و دەروونی بینەر دەگاتە ئەو بایەخە چەمکگەرییە قووڵەی کە لە فۆڕمی

کارێکی هونەری داماڵراودا بەر دیدەی دەکەوێت، ئەمەش لە خۆیدا جۆرێکە لە کامڵ بوون و هەڵێنجانی توانای هونەری لە ئەزموونی زۆر.

### دەرخستنی دەربڕینی وێنەگەرایی

پشت بەستن بە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و کردنی بە بابەتێکی شێوەگەرایی، یان لێکدانەوەی دەربڕینخوازانە بۆ شێوەی دژەسیستەمی دەربڕینی ڕاستەوخۆ، واتا کاتێك تۆ شێوەیەکی نا مەئلوف دەبەخشیت بە لێکدانەوەیەکی دەربڕین ئامێز بۆ ڕووداوێك یان بەرکەوتەیەکی مرۆیی.

تێگەیشتن لەو سەبکە هەروا ئاسان نییە، چونکە دەرکەوتەی ڕۆحی و عاتیفی تێکڕای شێوەی فۆڕمەکە دادەپۆشن و ڕەنگە سانا نەبێت لە دووتوێی دیدەنی چاو و گواستنەوەی شەپۆلەکانی بینین ئەو دەربڕینانە بگەنە شوێنی خۆیان، چونکە دەربڕینەکانیش بەگشتی ڕوون نین تەنها هەندێ ئاماژە و ڕەمزی هەستەوەری لەڕێگەی هێڵ و بارستە و ڕەنگەوە کارەکە بەڕێوەدەبەن، کە لە دوا ئاکامدا شێوەیەکی ڕواڵەت ئامێزی گوزارشتی دەردەکەوێ.

### هۆشیاری زەینی و عاتیفەی ڕۆحی

ئەم تایبەتمەندییە گرنگی خۆی هەیە و کار دەکات لەسەر هاوسەنگی لەنێوان هۆشیاری و سۆزی هونەرمەند، یان ڕوونتر بەراورد کارییەکە لەنێوان ڕۆحی ئینسان و ڕێکخستنی جەوهەری شتەکان بۆ ڕەزامەندی وەرگرتنی ئیستاتیکی، هۆشیاری زەینی لە بەرهەمی هونەرییدا کاردەکات بۆ ڕێکخستن و دابەشکردن و سیستەماتیککردنی شێوە و درووستکردنی پەیوەندی هۆشمەندانە لەنێوان جەوهەری بابەت و فۆڕمی بابەتەکە کە ئەویش بریتییە لە دەرخستەی ئەزموون و ماتریاڵی بەکاربەر لە کارە هونەرییەکەدا، بەڵام هەستیاریی ڕۆحی کاردەکات لەسەر ئەو هەڵچوون و تەقگەرانە کە مرۆڤ لە دەروونیدا سەرهەڵدەدات و لە شوێنێك پێویستی بە پەخشکردن دەبێت



تابلۆیەکی هونەرمەند ڤاسیلی کاندێنسکی بەناوی (زەرد، سور، شین)
لەساڵی 1925کێشراوە
ئێستا پارێزراوە لە مۆزەخانەی مۆدێرن ئارتی (پامپێ دۆ) لە پاریس

کە فۆڕمی کارەکەیە، بەبێ گوێدان بە جۆری ماتریاڵ و ئەندازەی پانتایی، بەڵام هۆشیاری ڕێکخەر فریای دەکەوێت و ناهێڵێت بەهاکانی پێکهاتەی ئیستاتیکی و تاراددەیەک دەربڕینەکانیشی لەدەست بدات.

### نەشونماکردنی هونەری ئەبستراکت

گەشەسەندن و مێژووی دروستبوونی ئەبستراکت وەك ڕواڵەتێك زۆر لە مێژە هەیە، بەڵام ڕەنگە وەك چەمکی دارێژراو و گوزارشتی ڕێکخراو بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەوەی کە مرۆڤ ئیدراکی بە پێگەی ئیستاتیکی شێوەکانی دەورووبەری کردووە و بەکاریهێناوە وەك نموونەیەکی جوان لە کەلوپەلەکانیدا و شێوە و ئایکۆنی دووبارەبووەوەی وەك زەخرەفە و نەخش و نیگاری سەر دەفر و گۆزە و جەرەی کۆنی چاخە کۆنەکان دەچنە خانەی هونەری ئەبستراکتی سادە و دوور لە قۆناغی پۆلێنکراو، زۆربەی ئەو گۆزە و لەگەنە لە قوڕ درووستکراوانەی کە لە چاخی بەردینی تازە و هونەری ناوچەی میزۆپۆتامیا دۆزراونەتەوە جۆرێکن لە ئەبستراکتی سادە، بەڵام هەندێکیشیان ڕەهەندی دەربڕینخوازانە و پرمانان بۆ داستان و ڕووداوی مێژووی سەردەمەکانی خۆیان، نموونەی ئەو کارە ئەبستراکتیانەی ناوچەی میزۆپۆتامیا لە دەڤەرەکانی چەرمۆ و شانیدەر و شوێنەکانی دیکەی کوردستانی ئێستا دۆزراونەتەوە، مرۆڤ کاتێك فێربووە قوڕ بەکاربهێنێت بۆ خواست و پێویستییەکانی ڕۆژانەی، بیری لەوەش کردۆتەوە کە جۆرێك لە جوانکاری بخاتە سەر ئەو بەرهەمە قوڕینانەی کە دەکەونە خانەی هونەری گۆزەگەری، دوای ئەوەش کە ئەو بەرهەمانەی سورکردۆتەوە بە ئاگر و وەك کوتلەیەکی ڕەق خستوویەتیە بەردەست، خواستی ئەوەی بۆ درووست بووە کە نەخش و نیگاری لەسەر درووست بکات، بۆ نموونە هەندێك لەو گۆزە گڵینەیانەی لە مۆزەخانەی نیشتمانی عێراقی پارێزراون و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ 2600-2800 ساڵ پێش زایین، کە هەندێ زەخرەفەی بازنەیی و ئەندازەییان تێدایە یان نەخشی ڕووەکی خراوەتە سەریان کە زۆربەیان بە ڕەنگی سوور و ڕەش ڕەنگکراوون، جگە لەمانە هەندێك شێوەپەیکەری سەیروسەمەرەی ئەبستراکتکراو کە لە شێوەی نامۆ درووستکراون بۆ جوانی و لە ناوچەی (ئوڕ و ئەریدۆ) دۆزراونەتەوە و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ (3500-4000) ساڵ پێش زایین، هەروەها هەندێ دەفر و گۆزەی دیکە کە لەسەریان نووسراوە لە باکووری عێراق و لەسەردەمی درووستکردنی بەنداوی دووکان دۆزراونەتەوە و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ (3500-4000) ساڵ پێش زایین، و لە مۆزەخانەی نیشتیمانی عێراق لە شاری بەغدا پارێزراون، کە ئەمانیش لەو کۆمەڵانەن کە زەخرەفەی ڕووەکی و گیانداریان لەسەر دووبارەکراوەتەوە بە ڕەنگی سوور و ڕەش.

لە تێکڕای ئەو بابەت و پاشماوە مێژووییانەی ناوچەی میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی دیکەش کە ژیانی تێدا بووە لەهەوڵی جوان نیشاندانی کەرەستەکانیان ئایکۆنی ئەبستراکتییان بەکارهێناوە، تەنانەت هۆزەکانی خوارووی ئەفریقا و ئەوانەی ناو دارستانەکانی ئامازۆنی ئەمریکا و تەنانەت درێژبۆتەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکانی وەك سۆمەری و ئاشووری و بابلی و ئەکەدی و تەنانەت سەردەمی

فیرعەونەکانی میسرِ و شارستانیەتەکانی گریکی کۆن و زنجیرەی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەموویان بایەخی جوانی و ئاستی ئیستاتیکی لەلایان گرنگ بووە بۆیە لە کەرەستەکانیان و لە ڕووکاری خانوو و ناو ماڵ و تەنانەت جلوبەرگیشیان ئایکۆنی ئەبستڕاکتکراوی سادە و دوور لە دەربڕینیان جێبەجێ کردووە.

بەڵام ئەوەی مێژووی تایبەت بە هونەری ئەبستڕاکت وەك قۆناغی نەشونماکردنی ئەم هونەرە وەك ڕێباز و مەزهەبی هونەری ناو لێدەنێت دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و دەرکەوتنی هونەرمەندی ئەبستراکتی ڕەها، بەڵام ئەم قۆناغە هونەرییەش بناغەکانی لەسەردەمی دەرکەوتنی (ئیمپرێشینیزم)ەوە دەست پێدەکات، چونکە لە دەرکەوتنی ئیمپرێشینیزمەوە هونەرمەند جۆرێك سەربەستی کارکردنی وەرگرت لە فۆرم و تارادەیەك ڕایەڵەی هونەری ئەکادیمی و کلاسیك و واقیعی کاڵ بۆوە، ئەم بەدەستهێنانی ئازادییە جۆرەها تێڕوانینی دیکە و ڕێبازگەلێکی دیکەی هێنایەئارا، وەك دادایی و سوریالیزم و کۆبیزم و هونەری ئایندەخوازی و ئەبستراکت، کە تێکڕایان لە گۆشەنیگایەکەوە لەسەر بنەما و فەلسەفەی هونەر بۆ هونەر دامەزراوون، بەڵام دواتر بە هۆی نەزەریاتی تازەوە ماناو دەربڕینی جۆراوجۆریان بۆخۆیان داتاشی.

لە ساڵی ١٨٩٠ هونەرمەند (مۆریس دینیس) دەڵێ: (شێوەی فۆرم دروست دەبێ بەر لەوەی چیرۆکی بۆ دابتاشرێت)، ئەم وتە سەرنجڕاکێشە، بناغەیەکە بۆ بیرکردنەوەی شێوە و ڕواڵەتی تابلۆ بەبێ چیرۆك و دەربڕین.

باسمان کرد کە هونەرمەند (ڤاسیلی کاندینسکی) لە ساڵی ١٩١١ تابلۆیەکی کێشاوەتەوە کە کاریگەری شەپۆلی ئەو کراسە گوڵ گوڵییەی لەسەر بوو کە لەبەری ژنێکدایە و با لێیدەدات و بوە بە شێوەیەکی نامەئلوف و ئەبستراکتی ڕەها کە تەنها پێگەی ڕەنگ و هێڵ و بارستە تێیدا دەردەکەوێ بەبێ مەبەست و گوزارشتی دارێژراو ئیستاتیکیایەکی پوخت دەخاتەڕوو.

بێگومان دواتر هونەرمەندانی دیکە هاتوونەتە گۆڕەپانەکە وەك بیت مۆدریان و مالیفیتش و پیکاسۆ، جۆرج براك، جاکسۆن پۆلۆك.


تابلۆیەکی هونەرمەند «مۆندریان» لەساڵی ١٩٢٧ کێشراوە
پارێزراوە لە مۆزەخانەی هاوچەرخی «دۆرتمۆند» لە ئەڵمانیا

## پۆلێنکردنی هەندێك لە جۆرەکانی ئەبستراکت

لێرەدا  تیشك دەخەینە سەر چەند جۆرێك لە کارکردنی ئەبستراکتیانە، کە هەم لەڕووی تەکنیك و ماتریاڵەوە هەم وەك ناوەڕۆك و جەوهەری بابەتی فۆرمەکان لەگەڵ یەک جیاوازن.

## هونەری ئەبستراکتی پێچخواردوو

لەم جۆرەدا فۆرمی کارە هونەرییەکە لەسەر بنەمای هێڵی پێچاوپێچ بنیاتدەنرێت، واتە هێڵ سەرەکیترین بەرکەوتەی بینینە لە کارەکەدا، هێڵی بازنەیی و خورار و لار و پێچاوپێچ تائەندازەی داگیرکردنی تەواوی پانتاییەکانی بینین، هەندێ جار ئەم هێڵانە هاوکار دەبن بۆ هونەرمەند لە دەستنیشانکردنی کوتلە و فیگەری دیار وەك دەموچاو و جەستە و بارستەکانی دیکە کە دەیەوێت لە کارەکەیدا بەدەریان بخات، بە هیچ شێوەیەك لەم جۆرە کارانەدا هێڵی ڕاست ڕۆڵ نابینێت و دانانرێت، جگە لەمەش گۆشە لەپێکهاتەکاندا ٩٠ پلەیی نابێت، ئەمەش وادەکات جۆرێك لە ئازادی هەست پێبکرێت لە سنووردانەنان بۆ بینینی کارە هونەرییەکە، نموونەی ئەم جۆری کارکردنە لە هەندێ تابلۆی پیکاسۆش دەبینرێت.

## ئەبستراکتی پەیگیر بە ڕەنگ و ڕووناکی

جۆرێکی دیکەی ئەبستراکتە کە بایەخەکانی لە پەڵەی ڕەنگی بەهێز کۆدەکاتەوە و لە بۆتەیەکی ئیستاتیکی هەستەوەری نیشان دەدرێت، بێگومان ڕەمەکی و هەروا دانانی ڕەنگ نییە لەخۆڕا شتێك بخولقێ، بەڵکوو پێویستی بە ئەزموونی زۆری هونەرمەند هەیە، ئەم جۆرە کارانە زیاتر کاریگەری پنتی بچووکی هونەری (ئیمپرێشینیزم)ی لەسەرە، واتا بەش بەشی کارە ئینتیباعییەکان، بەتایبەتیش کارە هونەرییەکانی (کلۆد مۆنێ) و ئەو کۆمەڵە تابلۆیانەی بەناوی (نیلۆڤەرەکانی سەرئاو) کە گۆشەی تارادەیەك جوانی تێدایە کە هەستی جوانناسانەی مرۆڤ دەوروژێنێت و کۆی دەکاتەوە لە بەخشندەییەکی ئیستاتیکیانەی گەرم بە ڕووناکی بەهێز و ڕەنگی جۆراوجۆری دانسقە، جگە لەمەش لە زۆرێك لە کارەکانی هونەرمەندی ئەبستراکتی (جۆزێف مالۆرد) ئەم حالەتانە بەدی دەکەین.

## هونەری ئەبستڕاکتی ئەندازەیی

ئەم ناوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە پانتایی کارە هونەرییەکانیاندا هونەرمەندان شێوەگەلێك لەباری ئەندازەییمان پیشاندەدەن، وەك بازنە و چوارگۆشە و لاکێشە و سێ گۆشە و .. هتد، کە دواجار وەك فۆڕمێکی هونەری دەخرێتەڕوو، ئەم جۆری کارکردنە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هونەری (کۆبیزم)دا هەیە، چونکە لە فۆڕمدا جیاوازییەکی ئەوتۆ دەرك پێناکرێت، زۆربەی کارەکان بنیات دەنرێن لەسەر دووری دوورەهەندی و بەهیچ شێوەیەك شێوەی واقیعی تێدا دەرناکەوێ، واتا دووری و نزیکی و سێبەر و ڕووناکی لە کارەکاندا ڕۆڵ نابینن، دەتوانین ڕێك وەك پێچەوانەی هونەری (واقیعی) سەیریان بکەین، ئەم جۆری کارکردنانە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەریان هەڵداوە و زۆربەی هونەرمەندانی (کۆبیست) ئەزموونەکانیان پێیدا تێپەڕاندووە.

## هونەری ئەبستڕاکتی تێڕامان

ئەم جۆرە لەسەر بنەمای کارکردنێکە کە هیچ بایەخ نادات بە بابەتی فۆڕمەکە و ناکۆکە لەگەڵ تێکڕای جۆر و تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەبستڕاکت، چونکە بناماکانی لەسەر ڕوودانی هەستەوەرەکانی هونەرمەند و هەستە قووڵەکانی دەردەکەون، لە هونەرمەندانی بەناوبانگی ئەم جۆرە کارانە هونەرمەند (جاکسۆن پۆلۆك) دەبینرێت.

## هونەری ئەبستڕاکتی سادە

ئەم جۆرە کارانە کە پێیان دەگوترێت هونەری ئەبستڕاکتی سادە، لەدوای هونەری ئەبستڕاکتی ئەندازەیییەوە پەیدا بووە، چونکە زۆرێك لە شێوەگەلی ئەندازەییش بە شێوەیەکی سادەکراوە پیشاندەدرێنەوە کە لە پێشتردا ئەو فۆڕمانەیان نەبووە، جگە لەمەش شێوەی ئەندازەیی سێ ڕەهەندیش بەکارهاتووە کە جیاوازی لە پێش خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە دەرکەوتنی فۆڕمێکی زۆر سادەکراوە لە تێکڕای پانتایی کارە هونەرییەکان، ئەم جۆرە کارکردنە سادەیە، زیاتر و زووتر دەگاتە بینەر و بەربڵاوترە لە جۆرەکانی دیکەی ئەبستڕاکت.



تابلۆ : جاكسۆن پۆلۆك - مۆزەخانەی پامپی دوو لە پاریس

**ئەبستراكتی دەربڕینخوازی**

Abstract expression

جۆرێكی بەربڵاوی ئەبستراكت كە لە نزیكەی نیوەی سەدەی بیستەم و لە ساڵانی چلەكانی ئەو سەدەیە لە ئەمریكا سەریهەڵدا ئەبستراكتی دەربڕینخوازییە، هەرچەندە هەندێك لە مێژوونووسان دەیگەڕێننەوە بۆ پەنجاكانی ئەو سەدەیە، بەڵام بێگومان لە ناوەڕاستی چلەكان سەریهەڵداوە لەگەڵ سەرهەڵدانی كۆمەڵێ تابلۆی بەهێزی لەم جۆرەی هونەرمەندان (ولیەم دی كونگ و (جاكسن پۆلۆك)، دواتر گەشەی كردووە و بەرەو ئەورووپا بەتایبەتی و جیهان بەگشتی بڵاوبووەتەوە، ئەم سەبكە لە بڵاوترینەكانی ئەبستراكتە لە ناو هونەرمەندانی ئەبسترەكتەر لە جیهاندا.

ئەبستراكتی دەربڕینخوازی لەسەر بنەمای تەوژمێكی بەهێزی دەروونی دێتەئاراوە و كەسی هونەرمەند پاڵنەرە بەهێزەكانی ناوەوەی دەخاتە سەر فۆڕمی كارە هونەرییەكەی، هێزی دەربڕینی ناوەوە لە جووڵەی ڕەمەكی بۆ سەر پانتایی كارەكە لە تایبەتمەندییە زۆر دیارەكانی ئەم جۆرەیە لە كاری هونەری ئەبستراكتی گوزارشت ئامێز. لەم كاركردنەدا هونەرمەند جۆرێك لە ئازادی ڕەمەكی وەردەگرێت بۆ ڕێكخستنەوەی جووڵەكردن بە هێڵ و بۆشایی و ڕەنگ، هەروەها دەرخستنی

شێوەی جۆراوجۆری مەئلوف لە ئاوتلاینێکی نامەئلوفی کەمێك شێواو و ڕەنگە هەندێجار کارێکی هونەری ئیجاب نەکات ئەو شێوانە نامەئلوفەش بەخۆیەوە بگرێت، بەڵکوو بە گشتی مەبەستمان لە دەرخستنی شێوەیە لە کارە هونەرییەکاندا ئەمەش بە خاتری هەرچی بەهێزتر پیشاندانی بەرهەمە هونەرییەکەیە.

لە هەندێ کاتدا ئەم جۆرە ئەبستراکتە بە ئەبستراکتی میوزیکی ناودەبرێت، چونکە ڕاستەوخۆ جۆرێك لە ئاواز و میلۆدی ڕەنگی بۆ بینین و هەستەوەرە جوانبینییەکانی تەماشاکار دەخولقێنێت، ئەمەش بەشێکە لە توانستی ئیستاتیکی بۆ کارەکە بە جیا لە هێزی دەربڕینی حسی بۆ کەسی تەماشاکار.

هەندێ جاریش وەك هونەری پەڵەی ڕەنگی دەبینرێت چونکە کاردەکات بۆ نمایشی گوزارشتێك لەڕێگەی پەڵەی ڕەنگی و سنووری هێڵ وبارستاییەکانی لە کارەکەدا.

ماتریاڵ و کەرەستەی بەکارهاتوو بایەخی زۆری هەیە لە تێکڕای فۆڕمی پیشاندراو، چونکە هیچ مەرج نییە هونەرمەند دەستی بەسترابێت لە بەکارهێنانی ماتریاڵی باوی هونەر، بەڵکوو ئازادییەکی ڕەهای هەیە لە بەکارهێنانی هەر شتێك بۆ فۆڕمی کارەکەی ئەوەی چەند زیاتر لە خزمەتی کارە هونەرییەکەیدا بێت.

چالاکییە نەستییەکان، یان بڵێین چالاکی لاشعوری هونەرمەند سنووری بەهێزی دەربڕینەکانە و کارلێك کاری ئەو نەستەشە کە دەگاتە هەمان چالاکی نەستی بۆ بینەر و لەوێڕا تەفسیری جیاواز و تەئویلی دەربڕینەکانی کارەکە شیتەڵ دەبێتەوە، خۆی دەرباز دەکات لە چاودێرییە هۆشیارییە سنووردارەکانی کە دادەتاشرێت بۆ کارەکە.

دەتوانین هونەری ئەبستراکتی دەربڕینخوازی وەك تایبەتمەندییەك بۆ مێژووی هونەری ئەمریکی بگەڕێنینەوە، کە بەردەبازێکی کاریگەرە لە هونەری مۆدێرندا لە نیۆیۆرك، بێگومان لەدوای پاریسی فەرەنسا کە پێگە کولتوورییەکەی هیچ کاریگەری نەکەوتە سەر.

هەندێ بیردۆزەی گرنگ هەبوون لە گۆڕینی ئاراستەکانی ئەبستراکت لە شێوەی بینراوەوە بۆ شێوەی هەستەکی و هەندێ لە هونەرمەندان و نووسەران لەڕێگەی دەربڕینی بیروڕاکانیان توانیان ئەم ئاراستانە بگەیەنن بە ئەبستراکتی دەربڕینخوازی وەك (ئەندرێ بریتۆن) هەرچەندە خۆی وەك کەسایەتییەکی سوریالی دەرکەوت، بەڵام لەو وتارەیدا کە لە گۆڤاری (سوریالیزم) لەساڵی ١٩٢٩ بڵاوی کردۆتەوە بەناوی (هونەری سیحری) و تێیدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێت ئاراستەی هونەر بەرەو ئازادی بیرکردنەوە بچێت و فیکر سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت لە کارکردندا.

هەروەها کتێبەکەی کاندینیسکی بەناوی (هونەری ڕۆحی) کە لە ساڵی ١٩١١ بڵاوکراوەتەوە و ناوی ئەبستراکت دێنێت وەك هونەری ڕەمەکی و بەریەککەوتنی ڕووداوی نارێکخراو بۆ بینین و خەون و وەهم و ڕوانینی کراوە بۆ دونیابینی.

له ساڵی ١٩٤٠ له نیۆیۆرك كۆمەڵێك له هونەرمەندانی ئەبستراکتەر وەك مژدەیەك نمایشی سەرکەوتنەکانیان كرد وەك لەدایکبوونێكی دیكه بۆ ڕێبازێكی دیكەی هونەری، بەڵام دواجار هەر ڕۆیشتەوە ناو سنووری ئەبستراکتەوە، چونکە کارەکانیان کاریگەری (هنری ماتیس) و (پاپلۆ پیکاسۆ) و (خوان میرۆ) جگه له کاریگەری ڕێبازەکانی وەك سوریالیزم و کۆبیزم و فۆفیزم که بەسەر کارەکانیانەوە دیاربوو.

له هونەرمەندانی پێشەنگی ئەم بواره (جاكسن پۆلۆك، هێلن فراکنتالێر، جۆن ماكلۆلین، میسشال تابی، ئیمێل شوماخر .... زۆری تر) ناوه درەوشاوەکانی ئەم بوارەن.



تابلۆ : ئیمیل شوماخر – 1999 کیشراوه - مۆزەخانەی مۆدێرن ئارت له شاری هاگن له ئەڵمانیا

### ئەبستراکتی شەش پاڵوخوازی

### Cubist abstraction

له سەدەکانی پێشتردا هونەرمەندان وێنەی سروشتیان دەکێشا به بێ دەستکاریکردنی ڕاستەوخۆ، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا له جیهاندا هەندێك فۆرمی دیكه هاتنه پێشەوه که کاریگەری قوتابخانەکانی (کۆبیزمی فەرەنسی و دەربڕینخوازی ئەڵمانی و هونەری ئایندەگەری ئیتاڵی)یان بەسەرەوه بەجێما، که له ئەنجامدا جۆرێكی دیكەی شێوەکانیان تەرحکرد له پانتاییەکانی تابلۆدا، ئەویش خواستی شێوه ئەندازەییەکان بوو.

زۆرێك له ڕەخنەگران و مێژوونووسانی هونەر (کۆبیزم) وەك قوتابخانەیەكی سەرەكی دەبینن له هونەری شێوەکاریدا، بەڵام ڕاستییەکەی هیچ دابڕان و جیاوازییەكی بنەڕەتی بەدی ناکەین تا له ئەبستراکت دایبڕین، بۆیه به بۆچوونی من کۆبیزم خۆی جۆرێکه له هونەری ئەبستراکت.

ئەم شێوازە یەکەم دەرکەوتنی ئەبستراکتیڤە لە بنەماکانی دامەزراندنی ئەبستراکت، کە لەسەر شێوەی ئەندازەیی (چوارگۆشە و لاکێشە و بازنە و سێگۆشە) خۆی هەڵدەچنێ، باوەڕەکانی هونەرمەندانی ئەم بوارە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە دەڵێن (هەموو شێوە و بینین و شتێك لە گەردووندا ئەندازەییە) ئەم بۆچوونەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێیان وایە هەموو شێوەکان لە هێڵی ئەندازەییەوە دەست پێدەکەن، ئەگەرچی شێوە لار و خوار و خڕەکان پێکەوە ئەم بینینە نادەن بەڵام لە وردبوونەوەیاندا ئەوە دەردەکەوێت و بۆچوونێکی تەواو ڕاستە.

هونەرمەندەکان لە تابلۆکانیاندا هەوڵیانداوە شێوە ئەندازەییەکان بکێشنەوە و بە هۆی دانانی ڕووناکی و سێبەرەوە ڕوانگەی ئەندازەیی بۆ بینین مەیسەر بکەن، هەروەها وابکەن کە چاوی بینەر بتوانێت لە زۆر ڕووەوە کارەکان ببینێت و لایە جیاوازەکانی شێوەکان بخوێنێتەوە.

دەتوانین هونەرمەند (پۆڵ سیزان)ی فەرەنساوی بە نموونە و سەرمەشقی شۆڕشێکی وەها لەو چەشنە بێنینەوە لە هەوڵی تێکشکاندنی شێوە باوەکانی سرووشت، ئەمە ئەگەرچی سیزان وەك هونەرمەندێکی (ئیمپرەیشینیزم) هەژمار دەکرێت، بەڵام لە فۆڕمی کارەکانیدا ڕێگای خۆشکردووە بۆ جۆرێك لە بینینی نامەئلوفی دیمەنەکان بە پێکهاتەی ئەندازەیی و هێڵی ڕاست و پەڵەی ڕەنگی سنووردار، بۆیە دەتوانین بڵێین مێژووی سەرهەڵدانی تارماییەکانی کۆبیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، هەروەها هونەرمەندانی دیکەی دوای سیزان سوودیان وەرگرتووە لە پێکهاتەی فۆڕمەکانی و ئەو شێوەی ئەندازە تێکشکاوانەی خانوو و دار و ڕێگاکان لە تابلۆکانیدا بوون بە جۆرێك لە هەوێنی هەندێکی دیکە لە هونەرمەندانی وەك (پاپلۆ پیکاسۆ و جۆرج براك).

**قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆبیزم**

قۆناغی یەکەم بنیادە بیرۆکەکانی سیزان و کاریگەرییەکانی لەسەر هونەرمەندانی تازە کە لە 1907-1910 دەخایەنێت، ئەمەش بە دووبارەکردنەوەی پانتایی ئەندازەیی و شێوەی ڕەق فۆڕمەکان و جۆرێك تێکشکاندنی دیمەنەکان لە پانتایی تابلۆدا.

کۆبیزمی بەراوردکاری و لێکدانەوە، ئەم قۆناغە لە 1910-1912 دەخایەنێت، هونەرمەندان هەوڵیانداوە بە لێکدانەوەی فۆڕمەکان و لێکجیاکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی دیمەن و دووبارە بنیاتنانەوەی وەك یەکەیەکی ئەندازەیی سەربەخۆ، هەر لەم قۆناغەدا زۆرێك لە هونەرمەندان یەك ڕەنگیان بەکارهێناوە لە پڕکردنەوەی پانتاییەکان، بەڵام بەشێوەی هارمۆنی و دەرخستنی تاریکی و ڕووناکی بۆ زیاتر بینین و ڕوانگەی بارستەکان.

-کۆبیزمی دارێژراو، ئەم قۆناغە لە 1912-1914 دەخایەنێت، جۆرێك بوو لە بەرەنگاربوونەوەی قۆناغی بەراوردکاری پێش خۆی، چوونکە پێیان وابوو ئەگەر هەڵوەشاندنەوە و لێکدانەوەی زۆری شێوەکان بکرێت دەگەینە ڕێگایەکی داخراو لە شێوە نواندن، بۆیە هونەرمەندان گەڕانەوە بۆ

وێنەکێشانی دیمەنی سروشتی ڕوون کە دەیانویست بینەری کارەکانیان بە ئاسانی شتەکان ببینێت و هیچ ئاڵۆزیەك بەدی نەکات، ئەمەش بە ڕووتکردنەوەی شێوەکان و بردنەوەیەتی بەرەو باوەشی ئەبستڕاکتی ڕەها کە خۆی ئەوە ئامانجە بنچینەییەکەیە.

هەر لەم قۆناغەشدا بوو کە تەکنیکی کۆلاژکردن بە بڕینی پارچەی ڕۆژنامە و گەڵای مێو و بەکارهێنانی مقەبای فڕێدراو هاتە ناو کارە هونەرییەکان، وەك بەردەبازێك لە دەربازبوون لە ڕەنگە باوەکانی وێنەکێشان وەك ڕەنگی ڕۆنی و ئاوی، یەکەمین هونەرمەندێك کە ناوی بێت لەم بوارەدا (پابلۆ پیکاسۆ)ی ئیسپانیاییە، کە زۆرترین بەرهەمی هونەری پێشکەشکرد لە دوای ئەویش براك و لیگەرد ناویان درەوشاوەیە.

هەر لەم قۆناغەدا شێوازەکان و دیمەنەکان خۆیان جۆرێك وەك کۆلاژ دەبینران، بەتایبەتی لە تابلۆی (ژۆرنیکا) ی پیکاسۆ کە باس لە ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ئیسپانیا دەکات لەشەڕی جیهانی یەکەم، کە شێوازێکی ئەبستڕاکتی سوریالی ئامێزی وەرگرتووە بۆ بینین و بابەتی کارەکەش، لە دوای ئەوەش هونەرمەندان گەڕانەوە بۆ شێوەی بینراو بە جۆری ڕووتکردنەوە لە بابەت و گرنگی دانیان بە هێزی ئیستاتیکی کارەکان کە تێکڕایان دەچنە خانەی هونەری ئەبستڕاکتەوە.



مالی پۆل سیزان لە (ئیکس ئۆن پرۆڤۆنس)

خواروی فەرەنسا



تابلۆ :پۆل سیزان



شێوەکارانی کورد حەمە هاشم و پیشەوا مەحموود لەو شوینەی پۆل سیزان تابلۆی سروشتی کیشاوە لە (فیلادیلفیا) 1902



تابلۆی ستیلایف (1879-1882)

## شەڕە پشیلە ئەبستراکتە؟

بێگومان ئەم دەستەواژەی سەرەوە کەمێك جێگای پێکەنینە، چونکە زۆرجاران گوێمان لێبووە کە بە تابلۆیەکی ئەبستراکتی گوتراوە (شەڕە پشیلە) واتا هێڵ و ڕەنگەکانی بەسەریەکەوە تێکەڵ بووە و کەس نازانێ سەروبنی لە کوێیە، بۆ کوردێك کە دەربارەی هونەرەکە نەزانێت و بنەماکانی شارەزا نەبێت (شەڕەپشیلە) گونجاوترین دەستەواژەیە، ڕەنگە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەش دەستەواژەگەلی وەها کۆمیدی و جێگای پێکەنین بەکاربێت بۆ ئەم چەشنە لە هونەر، چەندە دەستەواژەی شەڕەپشیلە جێگای پێکەنینە دەتان هێندەش جێگای تێڕامان و وردبوونەوەیە لە دۆخەکە، چونکە لە ڕاستیشدا هەندێ جار ئەو شەڕەپشیلەیە نزیکترین پێناسەیە بۆ بەرهەم و فۆڕمێك کە وابەستەی هونەری ئەبستراکتە، چونکە دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت کە هونەری ئەبستراکت لەسەر کۆمەڵێ بنەمای وا هاتۆتەئاراوە کە پەیوەندییان هەیە بە باری دەروونی ئینسانەوە بە تایبەتیش خودی هونەرمەندەکە، دانانی ڕەنگ و وەشاندنی فڵچە و کەرەستەکانی ڕەنگ دانان بەجۆرێکی شەڕە پشیلەیی خاڵی کردنەوەی ئەو تەوژمە خنکاوانەیە کە دەروونی هونەرمەندەکە ئاسودە دەهێڵێتەوە، گوزارشتکردن لە هزر و هەست و ئەندێشە و خەیاڵ بە جۆرێك لە جۆرەکان واهی دەخرێتە سەر پانتاییەکانی فۆڕمی کاری هونەری ئەبستراکتی، لەبەر ئەوە لە هەندێ کاری هونەرییدا وا دێتە بەردیدە کە ڕەنگ و هێڵ و بارستەکانی فۆڕمەکە لە ئاژاوەیەکی ناپەلیاردا خۆیان نمایش دەکەن.

گرنگترین بایەخ کە تێبگەین لە هونەری ئەبستراکت ئەوەیە دەربڕینەکان ناکرێت لەڕێگەی گواستنەوەی دیمەنی بینراوەوە بن، بەڵکوو لەڕێگەی ئەو هێڵ و ڕەنگانەی کە بەسەریەکەوە و بە جۆرێکی خێرا و سەیر دانراون دەربڕینەکان ئاماژەی پێدەکرێت.

هونەری ئەبستراکت زۆرترین هەوڵ دەدات کە دامانبڕێت لە بابەت و مانا و لێکدانەوەی ئێکسپرێشینیزمیانە بۆ ژیان و بینین و تەن و بارستە جیاوازەکان، هەربۆیە پشت دەبەستێت بە ڕەنگ و هێڵ، وەك مۆسیقایەك کە بەبێ ئەوەی هیچ تێکستێکی دەربڕینداری لەگەڵدا بێت گوێی بۆ دەگرین و چێژی لێدەبینین، ئەمەش تەنها ئەرکی گواستنەوەی چێژی مۆسیقاکە لەڕێگەی گوێچکەوە بەرەو مێشك دەردەخات، هەروەك چۆن لە بینینی تابلۆیەك یان بەرهەمێکی ئەبستراکتیڤدا چاوەکانمان ئەرکێکی ئیستاتیکیمان بۆ دەگوازێتەوە مێشك لەنێوان جوان و جوانی وەك مەعنەویاتی وەهمی بۆ دەوڵەمەندبوونی چێژبینینمان.

لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی بینەری هونەر حەز دەکات ئاسانتر لە تابلۆ تێبگات و تابلۆکان یان کارە هونەرییە بینراوەکان باسی چیرۆك و مێژوو و ڕووداوەکانی بۆ بکەن، بۆئەوەی دەربازبێت لەو ئەرکە ئیستاتیکییە قورسەی لە بینینی بەرهەمێکی ئەبستراکتیدا دەیخاتەگەڕ و لە ئاستی ئەزموونە ئیستاتیکییەکانی چاو و مێشکی خۆیدا بالاتر دەیبینێت.

بارێکی دیکەی هونەری ئەبستراکت بۆ بینەری کارەکانی ئەوەیە هونەرمەند هیچ تەفسیر و تەئویلێکی ڕاستەوخۆ نادات بە بینەر، بەڵکوو بینەر لەڕێگەی ئەزموونەکانی خۆیەوە دەگاتە ئەو

ناوەڕۆک و بیرەی لە بەرهەمەکەدا هەم چێژی لێدەبینێت، هەم وەك دەربڕین خواستی بۆی هەیە.

خاڵێکی گرنگ لە بینینی بەرهەمی ئەبستراکتیدا درووستکردنی پرسیارە بۆ بینەر، یان بینەر خۆی پرسیاری لەلا درووست ببێت سەبارەت بە کارە هونەرییەکە، ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لە بەراوردکاری لە نێوان ئەو هەڵسەنگاندنە فکری و چێژوەرگرتنانەمان کە پێویستە ئینسان هەیبێت.

لەبەر ئەوە هونەری ئەبستراکت هەرگیز کەمتر نییە لە بایەخەکانی هونەری واقیعی یان هەر هونەرێکی دیکە کە بینەر ئارەزووی دەکات، هەرگیزیش تەنها ئەو شەرەپشیلە و هێڵە خێرا و ڕەنگە پەڵەپەڵانە نییە کە هونەرمەندەکە پیشانمان دەدات.

بێگومان ئەبستراکت جیاوازییەکی بنەرەتی و دژبەیەکی هونەری ئەکادیمییە، بەڵام بە ئاراستەیەکی جیاواز و بەبێ ئەوەی لە بنەماکانی ئەکادیمیەت بدات، بەڵکوو هێز لەو جیاوازییانە وەردەگرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئەزموونە ئیستاتیکیانەی کە بینەر پێی دەگات.



مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخی (پامپی دوو) پاریس



تابلۆ : (ژین دووبوفیت) 1947

**پەیوەندی ئەبستراکت بە سوریالیزمەوە**

دەبێ خوێندنەوەمان هەبێت بۆ هەریەك لە سوریالیزم و ئەبستراکت بۆ ئەوەی بتوانین لەو بەراوردکاری و پەیوەندی و جیاوازییانەش تێبگەین کە لەنێوانیاندا هەیە، ئەم دوو ئاراستەیە لە هونەردا لە زۆر وێستگەدا نزیك و لە هەندێ شوێندا زۆر دوورن لەیەکەوە، سوریالیزم کە بەمانای لەسەرووی واقیعەوەیە، لە کەشێکی بێهیوایی و نیگەرانی و هەندێ جار ڕەشبینییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە بابەتەکانی پڕن لە ناوەڕکی فیکری و ئایدۆلۆژی و بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەی واقیعی ژیان، ئەمە لەڕووی ناوەڕۆك و جەوهەری بابەتەکانییەوە، بەڵام هەرچی ئەبستراکتە لە زۆر وێستگەدا پێچەوانەی خۆبەستنەوە و سنووردارکردنی بیرە لە پیادەکردنی جەوهەر و فۆڕمی کارەکانی، چونکە هەوڵدەدات بۆ زۆرترین سادەکردنەوە و زووتر گەیشتنی شێوەکان.

لەلایەکی دیکەوە هەروەك چۆن ئەبستراکت دەیەوێت دامانبڕێت لە شێوەی واقیعیانەی بینراو و شێوەکان لە چەمکی ماناکانی خۆیان دادەماڵێت، ئاواش سوریالیزم گەرەکییەتی بۆ دەربڕین و هێزی فۆرمەکانی شێوەی نامەئلوف و تێکشکاومان بخاتە بەر دیدە، ڕەچاوی ئەم وێناندنەمان لە ئەبستراکتی دەربڕینخوازی زۆرتر دەکەین، لەبەر ئەوی شێوەکان لە واقیعەوە وەردەگیرێن و هێڵی کەمێك ئاشنا لە ئاوتلاینی شێوەکان دێنەبەر چاومان، بۆ نموونە مرۆڤێك بە شێوەیەکی لەرادەبەدەر گوزارشت ئامێز شێوەی دەگۆڕێت ڕەنگی جیاوازە لە واقیع و ئەنەتۆمییەکەشی تێك دەچێت بەبێ ئەوی ڕێساکانی گشتی ئەنەتۆمی پشتگوێ بخرێت، ڕەنگە مرۆڤێکی باڵابەرزی سەر بچکۆڵەی ڕووشین لەنێو گوڵزارێکی ڕەشی ڕووناکدا نیشان بدرێت و بە شێواندن و ڕێڕەوی خێرای وەشاندنی ڕەنگ و پانتاییەکاندا کارەکە درووستکرابێت، یان ئاژەڵێکی نامەئلوف ببینین یان چەند باڵەخانەیەك بە ڕەنگ و هێڵی جیاجیا، بەبێ لەڕێگەلادان لە بنەما ئیستاتیکییەکانی هونەری شێوەکاری و بنەچە جوانبەخشییەکانی هونەر، هەروەها لە کارێکی سوریالیشدا دەبینین هەمان بناغەی وێناندن دووبارە دەبێتەوە لەشێوەدا کە ڕەنگە هەمان ئەو مرۆڤە بە شێوەیەکی گەورەتر لە قەبارەی ئاسایی خۆیی و ڕەنگی جیاواز پیادە بکرێت، بۆ یە دەبینین لەو خاڵەدا هەندێك نزیکی دێتە پێشەوە لەڕووی شێوەی فۆرمی کاری ئەبستراکتی و سوریالی.

لە ڕوانینێکی دیکەدا دەبینین ئەم دوو ئاراستەیە لە هونەر مێژوویەکی نزیکیان هەیە و هەردووکیان دەخزێنە ناو هونەری نوێوە، بەهۆی دەستخستنی ئازادی هونەرمەند و سەربەستی لە هەڵبژاردنی بابەت و شێوە و ماتریاڵ، چوونکە هەردوو ئاراستەکە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە دوای بەردەباز و گۆڕانکارییە ڕیشاڵییەکانی دوای هونەری (ئیمپرێشینیزم) درووست بوون.

لەلایەکی دیکەوە جیاوازیشیان لە ئەزموون کردن و پیادەکردنەکەدا هەیە بەوەی سوریالیزم لەسەر بنەمای (ئەزموونی جەوهەری) خۆی هەڵدەچنێ، هەرچی ئەبستراکتە لەسەر بنەمای (ئەزموونی ڕووکەشی) خۆی بنیات دەنێت، بێگومان ئەم بەراوردکارییەش لەهەندێ وێستگەدا بیرکردنەوەکەمان دەگۆڕێت بەتایبەتی لە هونەری ئەبستراکتی دەربڕینخوازی چونکە ئاراستە ڕووکەشییەکە پێویستی بە بنەماکانی ناوەڕۆك دەبێت.

ئەم خەسڵەتانە لە هەندێ کاری پیکاسۆدا دەبینرێت، بەتایبەتی لە پۆرترێتە شێواوەکانیدا کە گەمەیەکی بزۆزە لەنێوان ئەبستراکت و کۆبیزم و سوریالیزم، چونکە لەو سەردەمانەشدا هێشتا پیکاسۆ وەك هونەرمەندێك بێئۆقرە بووە لەنێوان ئەزموونی خۆی و ئاراستە جیاوازەکانی هونەری ئەو سەردەمەدا، جگە لە پیکاسۆ زۆرن ئەوانەی نزیکایەتی زۆر دەبینرێت لە کارە ئەبستراکتییە دەربڕینخوازییەکانیان و سوریالیزم.

زۆرترین ڕوانینی من کە دەمەوێ لێرەدا ئەو پەیوەندییەی پێوە گرێبدەم ئەو هەڵوێستە هاوبەشەی ئەبستڕاکت و سوریالیزمە کە خەیاڵ فاکتەرێ سەرەکییە تێیدا، لەبەرئەوەی لە هەردوو ئاراستەدا سەنتەری بیرکردنەوە دەڕوات بۆ ئەندێشەی هۆشمەندی و لەوێڕا ڕێڕەوی فۆڕمەکان دادەڕێژرێتەوە.

هەر ئەم ئەندێشە و خەیاڵە باڵایانەیە کە دەتوانێت جوگرافیای شێوە و ڕەنگ و بۆشاییەکانی پانتایی لە کاری هونەرییدا ببەستێتەوە بە ئەزموون و ماتریاڵ و بیرکردنەوەی هونەرمەند.



**Hama Hashim - Artist**
**An animal in distress**
**Expressive abstraction**
**2020 Acrylic**

حەمە هاشم
ئاژەڵێکی بەلەنگاز
ئەبستراکتی دەربڕینوازی
ئەکریلیک 2020

## ڕوانینی ئەبستراکتیانە بۆ دیمەن

مرۆڤ ڕۆژانە کە چاوی دەکاتەوە ملیۆنان دیمەن دەبینێت، لەخەوهەستان و نان خواردن و سەیرکردنی ئاوێنە و خۆگۆڕین و چونە دەرەوە و ڕۆیشتن بەسەر شەقامەکاندا تا دەگاتە شوێنی کارەکەی و لەسەر کارەکەی و ...هتد هەموو ئەمانە دیمەن گەلێکن کە لە دیوی دەرەوەی خۆی وەك بازنەیەك بە دەوریدا سوڕاونەتەوە، لەو دیمەنە زۆرانەدا کە زۆربەیان دیمەنی ئاسایی واقیعی ژیانن، بەڵام لە پاڵیاندا کۆمەڵێ دیمەنی دیکە دەبینێت کە جێگای تێڕامان و سەرنجن، بۆ نموونە لەبەردەمی دیوارێکی کۆن دەڕۆیت و چاوت دەکەوێتە سەر گۆشەیەکی کۆن کە هەندێ خشتی دیوارەکە دەرکەوتوون و لەسەرەوە پەنجەرەیەکی ڕەنگ شین هەیە لەکاتی بۆیاخکردنیدا چەند پەڵە ڕەنگێك کەوتۆتە سەر خشتی دیوارەکە، منداڵانی کۆڵانیش لەکاتی یاریکردنیاندا دیوارەکەیان وەك تەختەڕەشی قوتابخانە بەکارهێناوە و چەند پیت و ژمارەیەکیان بە ڕەنگی سپی لەسەر دیوارەکە جێهێشتووە، بەبەردەمی ئەم دیمەنەدا گوزەر دەکەیت و بە خێرایی چاوت دەکەوێتەسەر دیمەنەکە، بەبێ ئەوەی هیچ دەربڕینێك بۆ تۆ بدات هەندێك هەڵوێستە دەکەیت و دەڕۆیت، تاچەند هەنگاوێك دیمەنەکە لە بیرەوەریتدا دەمێنێتەوە، دەچەسپێت و لەهەندێ کاتی جیاجیادا دێتەوە بیرت، ئەم ڕووداوە نە هیچ گوزارشتی ڕوونکردەوە نە هیچ پێگە و ڕێکخستنێکی دەستکردی تێدا بوو وەك هونەر، بەڵام بۆ تۆ دیمەنێکی ئارامبەخشە بووە بۆ دەروونت.

ئەم دیمەنە بۆچی ئارامبەخش دەبێت بۆ دەروونی مرۆڤ؟، بێگومان لەبەر ئەوەی هێزێکی ئیستاتیکی زۆری تێدا درووست بووە، ئەو هێزە ئیستاتیکییە وا لە تۆ دەکات کە پێشوازی لە دیمەنەکە بکەیت وەك فۆرمێکی جوانیناسانە و بەکاری بهێنیت بۆ ئاسوودەیی دەروون و حەسانەوەی ناخی خۆت، لێرەوە هێزە ئیستاتیکییەکە خۆی دەسەپێنێت و وەك دیمەنێکی ئەبستراکتی گۆشە بینراوەکەمان پێشکەش دەکات.

ڕۆژانە ئێمە ڕەنگە زۆر دیمەنی لەم چەشنە ببینین، تایەی پایسکیلێك لەسەر سەوزاییەك فرێدراوە، چەند پێڵاوێکی کۆن شێوەیان چرچ بووە و دیمەنی دیکە دەبەخشن، ئەو هێڵانەی وایەری کارەبا لە ئاسمان و بە تەنیشت ساپیتەی خانووەکانەوە درووستی دەکەن، چەند بۆری و ئاسنی جیاجیا بەکارهاتوو لە کارێکی تەلارسازییدا، چەند ئاژەڵێك لەنێو تەپوتۆزی ڕۆیشتناندا شێوەیەکی دیکە درووست دەکەن ...هتد، ئەمانە و چەندەها دیمەنی سەرنجبەر، کە دەشێ وەك فیگەراتیڤی ئەبستراکتی بیانبینین و سوود لە هێزە ئیستاتیکییەکانیان ببینین، کە بۆ ئەزموونی بینین و چێژوەرگرتن لە جوانی بەخشییەکانیان سوودیان لێ ببینین.

بێگومان نابێ ئەوەش لە بیر بکەین سەرنجدانی ئەم دیمەنانە لە هەمووکەسەکاندا وەك یەك نییە و چێژ وەرگرتن لە وزە ئیستاتیکیەکانی ئەم دیمەنانەش لای هەمووومان جیاوازی هەیە، هەندێ کەس بە بەردەمی ئەم دیمەنە جوانانەدا دەڕۆن و هەرناشیان بینن، بێگومان ئەگەر سەیریشیان بکەن هەرنایانبینن، چونکە ئەزموونی چاو و بینینی ئیستاتیکیانەی کەمە، بێگومان ئەمەش

جۆرێکە لە کەمتەرخەمی لە پەروەردەی بینیندا، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئێمە ناتوانین سەرزەنشتی ئەو جۆرە کەسانە بکەین کە ئەم دیمەنە ئەبستڕاکتیە جوانانە نابینن.

دەبینین لەلای هەندێ لە کەسەکان جێگای هەڵوەستەی جدیی و ڕوانینی تێرە و چێژبەخشییەکەی هێندە کاریگەرە ڕەنگە چەندجاری دیکە ئەو کەسە بچێتەوە بۆ بینینی ئەو دیمەنانە، چونکە کەسەکە گەشەی ئەزموونە ئیستاتیکیەکانی باڵان.

هەمووشمان دەزانین ڕادەی وەرگرتنی چێژی جوانی ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام پێویستە هۆشیاری بینین لە خزمەتی چێژوەرگرتنی ئیستاتیکا بە ئەزموونی زۆردا تێپەڕێت لەپێناو ئارامی دەروونی و چێژی ژیان و خۆشەویستی بۆ دەورووبەر و کەشی مرۆڤ و ژیان و پەیوەندییەکانی بە گۆشە جوانەکانی ژیانەوە کە دەچنەوە ناو سنووری هونەر. ئەم دیمەنانە بە بێ مەبەست و بە بێ پلان درووست دەبن، بە بێ دەربڕین و مانا دەخولقێن، ئەرکێک کە هەیانە بۆ چاو، دەرخستنێکی جوانبەخشیان هەیە کە ئەمە بۆ خۆی کۆڵەکەیەکی گرنگە لە بنەماکانی ئەبستڕاکت ئارت.

هەر ئەو دیمەنانەش کە دەیبینین بەو جۆرە ڕەمەکیانە بنەماکانی (بۆشایی و ڕەنگ و هێڵ) لە خۆیاندا درووست دەکەن و دەبنە فیگەرێکی هونەری تەواو. لە هەندێ حاڵەتی لەم چەشنە سینەماکار و فۆتۆگرافەری زیرەك دەیانبینێت و وەك تابلۆ یان کارێکی هونەری دووبارە تەرحیان دەکاتەوە وەك بابەتێکی ئیستاتیکی و ئەبستڕاکتی ڕەها.

ئەم ڕوانینانە وادەکات باوەڕ بەوە بێنین کە بینینی جیاواز بۆ ئەم دیمەنانە و بەراورد لەگەڵ ئاستی جوانبینی کەسەکانەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەبستڕاکتەوە هەیە، بۆیە هەندێ لە هونەرمەندان دووبارە لە کاری ئەنیستەلاسیۆنی یان تەنانەت لە کاری واقیعی هاوچەرخدا سوودیان زۆر لێدەبینن و بە دووبارەکردنەوەیان وەك بابەتێکی هونەری نمایشی دەکەنەوە.



دیواری ئەبستڕاکتی